# هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەیی تیۆری مارکس سەبارەت بە ئایین

کریستیان ئۆ ئوچێگبیۆ

**لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی: حیسامەدین خاکپوور**



٢٤ی نیسان ٢٠٢٢ توێژینەوە

**پوختە**

ئەم وتارە بە لێکۆڵینەوە لە پێشزەمینە ئایدیۆلۆژیک و کۆمەڵناسانەکانی ڕوانگەی مارکس سەبارەت بە ئایین دەست پێ دەکات و جومگەبەندییە سەرەکییەکانی کێشەی تیۆری ئایینیی ئەو، وەبەر لێکۆڵینەوە و ڕاڤە دەدات. وتاری بەردەست، وێڕای ڕەخنە لە نایەکانگیری و ناسازیارییە ئاشکراکان و هەروەها گشتاندنی لەڕادەبەدەر لە تیۆری مارکسدا، لایەنە ئەرێنییەکانی بۆچوونی ئەو زەق

دەکاتەوە. بە شێوەیەکی تایبەت و یەکلاییکەرەوە، بەڵگە دەهێنێتەوە کە ئەگەرچی ئیمکانی ئەوە هەیە ئاراستە دژەمرۆڤی و هێزبڕەکانی ئایین لە بۆچوونەکانی مارکسدا دەستنیشان بکرێت بەڵام دەبێت لە هەمان حاڵدا ئاراستە داهێنەرەکانی ئایین کە نامۆییسڕینەوە دەکەن و گۆڕانخواز و ڕزگارییبەخشن، بناسێندرێن و دانیان پێدا بهێنرێت.

**وشە سەرەکییەکان:**

کارل مارکس، تیۆری، ئایدیۆلۆژیک، کۆمەڵناسانە، نامۆیی، مرۆڤخوازی، ئایین.

## پێشەکی

تیۆری مارکس لەمەڕ ئایین، تۆڕێکی ئاڵۆزە لە گۆڕانکارییە هزرییەکان کە لە سەرچاوەگەلێکی جۆراوجۆر ئاو دەخواتەوە: سەرچاوەی فەلسەفی، ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، ئابووری، سیاسی و مرۆڤناسی. هەروەها کە هارالەمبۆوس و هیلد[1] ئاماژە دەکەن(١٩٨٠)، ڕوانگە و نووسینەکانی مارکس ئەوندە نایەکانگیری و دژیەکبێژی و لێڵی و گۆڕانیی داکۆکییەکانی تێدایە کە بە سەختی ئیمکانگەلی ڕاڤەیی لێ هەڵدەهێنجرێت. هاوڕا لەگەڵ ئەو تێبینییانەیە کە لوڤیس (١٩٧٥) دەبێژێت:

«ڕوانگەکانی هیچ بیرمەندێکی مەزن بە قەد مارکس تووشی خراو لیتێگەیشتن و خراو نواندنەوە نەبووە. دەستەواژەی "مارکسیسم" لە هەندێک لایەنەوە بە مانای تۆڕەهاتێکی بێ سەرەوبەرە و بێواتا بووە کە مرۆڤ دەیهەوێت هاودەنگ لەگەڵ خودی مارکس بڵێت: «کەوایە یەک شت براوەیە و ڕوون، من مارکسیست نیم»(٣٧).

لە ڕووی بەرپڵاوی و جۆراوجۆری ڕێدۆزەکانی تیۆری ئایینی مارکس، لێرەدا جێی ئاماژەیە کە هەر تێکۆشانێ بۆ

---

.Haralambos and Heald.[1]

ڕاڤەی مارکس، ناتوانێت بە تەواوی خاڵی بێتەوە لە توخمەکانی لایەنگری و هەست و زەینباوەڕی. کەوایە لەم ڕوانگەوە ئەم وتارە شتێکی زۆر نزیک لە ڕاڤەیەکی تایبەت، لە تێگەیشتنی مارکس بۆ ئایین دەنوێنێتەوە. بۆ تێگەیشتنی قووڵتر و بەربڵاوتر، ئەم وتارە وەشوێن سێ مەبەستی سەرەکی دەکەوێت. ئەلف: لێکۆڵینەوە لەو پێشزەمینە ئایدیۆلۆژیک و کۆمەڵایەتییانەی کە کاریگەرییان لەسەر ڕوانگەی مارکس بۆ ئایین بووە. ب: شەنوکەوکردنی گریمانە بنەڕەتییەکانی تێگەیشتنی مارکس لە ئایین. پ: هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی خوێندنەوە و ڕاڤەی مارکسی بۆ ئایین.

## 1. پێشزەمینە ئایدیۆلۆژیک و کۆمەڵناسانەکانی تیۆری ئایینی مارکس.

مارکس لە پلەی یەکەمدا دەپەرژێتە سەر نامۆیی (بێبەشی)[2]لە کۆمەڵگادا، بە تایبەت لە کۆمەڵگای سەرمایەداری کە خاوەنداریەتیی خۆکەسیی سامان و دارایی و کۆنترۆڵی خۆکەسیی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی شتومەک و خزمەتەکان بوونی هەیە. لە شیکاری مارکسدا، ئایین زیاتر وەکوو بەرهەمی نامۆیی دەبیندرێت. کاریگەریگەلێکی زۆر لەسەر مارکس هەبووە کە پێشزەمینەکانی ڕاڤەی ئەو لە ئایین و تەواوی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بیچم داوە. دەتوانرێت ئەو کاریگەرییانە هەم ئایدیۆلۆژیک و هەم کۆمەڵناسانە لە قەڵەم بدرێت. پێش لە شیکاری تیۆری ئایینی ئەو، شیاوە کە بە کورتی سەرنجێک بدەینە سەر ئەو پێشزەمینانە:

### ئەلف: پێشزەمینە ئایدیۆلۆژیکەکانیی تیۆری مارکس سەبارەت بە ئایین

لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، ئەندێشەکانی مارکس لەنێوان شتگەلێکی دیکەدا، بە چڕی لەژێر کاریگەریی فەیلەسووفانی ناسیاوی ئاڵمانی، وەکوو هێگڵ و 'فوئێر

2. alienation (deprivation).

باخ'دایە. بیرۆکەی گۆڕانی دیالکتیکی کە لە ناوەندی تیۆری و کۆمەڵناسیی مارکسیستیدایە، لەسەر دەستی هێگڵ گەشەونەشەی پەیدا کردبوو. هێگڵ تیۆری دیالکتیکییەکەی لەسەر کۆمەڵگای مرۆڤی و بەتایبەتی لەسەر دەڤەری ئایدییاکان دابەزاند. گۆڕانی مێژوویی وەکوو جووڵەیەکی دیالکتیکی ئایدیا و ئەندێشەی مرۆڤ دەبینێت. هێگڵ لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە کۆمەڵگا لە بنەڕەتدا دەرهاویشتەی ئەندێشە و ئایدیاکانی مرۆڤە. لە ڕوانگەی دیالکتیکی هێگڵەوە کێشمەکێش و دژیەکی ئایدیا و بیرۆکە ناسازیار و ناکۆکەکان چەمکگەلێکی نوێ ساز دەکەن کە بەستێن بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی مسۆگەر دەکەن (Haralambos and Heald, 1980: 535). لەم ڕووەوەیە کە هێگڵ، نامۆیی لەنێو کۆمەڵگادا وەکوو بەرهەم و لێکەوتەی ئایدیا ئایینییەکان دەبینێت چونکە لە لای هێگڵ، ئایدیاکانن کە کۆمەڵگا بەدی دەهێنن. بە وتەیەکی دیکە، ئایین لە لای هێگڵ هۆکار، خوڵقێنەر و بەرهەمهێنەری نامۆیی لە کۆمەڵگادایە.

ڕوانگەکانی مارکس بۆ مێژوو و ململانێی چینایەتی کە تا ئاستێکی زۆر خوێندنەوە و ڕاڤەی ئەو لە ئایینیش لەخۆ دەگرێت، لەسەر شانی ئەو چەمکە هێگڵییە لە دیالکتیک ڕاوەستاوە. لەژێر کاریگەریی ئەم باسەدا، مارکس هەر جۆرە پرۆسەیەکی گۆڕان وەکوو کێشە و پێکدادانێکی داگر و بەربەرین لەنێوان هێزگەلی یەکناکۆک و ململانێ و شەڕی دژبەرەکان و ناکۆکەکان دەبینێت. بە هەر حاڵ مارکس بە بۆنەی ئەو پێشایەتییەی کە بە فاکتەرگەلی ئابووری وەکوو ژێرخانەکانی واقیع دەیدا، ئەو یەکەمایەتییەی کە هێگڵ بە ئەندێشەکان و ئایدیاکان وەکوو کارگێڕە سەرەکیی یەکلاکەرەوەکانی کۆمەڵگا دەیدات، ڕەت دەکاتەوە. مارکس بەڵگە دەهێنێتەوە کە سەرچاوەی گۆڕان لەناو دژیەکی و یەکناکۆکییە ئایدیۆلۆژیکییەکاندا حەشار نەدراوە بەڵکوو بەتایبەتی لەناو دژیەکییەکانی سیستەمی ئابووری و بەگشتی سیستەمی ناو کۆمەڵگادا حەشار دراوە. لە ڕەتکردنەوەی ئیدعای هێگڵدا کە

ئەندێشەکان و ئایدیاکان کۆمەڵگا بەدی دەهێنن، مارکس دەبێژێت ئایدیاکانی مرۆڤ پێش لە هەموو شتێک «ڕەنگدانەوەی پەیوەندە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێنانی ئابوورین»(Haralambos and Heald 1980: 535)، کەوایە ئایدیاکان سەرچاوەی سەرەکی گۆڕان مسۆگەر ناکەن. بەم حاڵەیش مارکس ناتوانێت بەگشتی ئایدیای پەیوەندیی دیالکتیکی زەین (ئایدیا و ئەندێشە) و کۆمەڵگا لە پێش چاو نەگرێت بەڵام داکۆکی ئەو بە شێوەیەکی ڕوون و تەقریبەن مۆنۆپۆلکراو لەسەر ڕۆڵی دامەزراوەکانە (بەتایبەتی دامەزراوە ئابوورییەکان) کە خۆهۆشیاری و خۆتێگەیینی مرۆڤ فۆڕمڕێژ دەکەن. کەوایە ژێرڤانی گرینگی مارکس ئەوەیە کە کۆمەڵگا هۆشیاریی مرۆڤ یان "بوونی ئاگامەندانەی" مرۆڤ یان "پرۆسەی ڕاستەقینەی ژیان" بەرهەم دەهێنێت.(Marx and Engels, 1940: 14-15, 19). مارکس لەژێر تیشکی پێشگریمانەی خۆی (واتە داکۆکی تایبەت لەسەر) فاکتەرگەلی ئابووری لە فۆڕمڕێژ کردن و دیاریکردنی کۆمەڵگا، هۆشیاری و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانە کە بە چەمکی پەیوەندیی دیالکتیکی هێگڵ، بەستێن و ڕاڤەی کۆمەڵناسانە دەبەخشێت.

باوەڕی مارکس وایە کە کارگێڕە ئابوورییەکان کاریگەریی یەکەمیان هەیە و تا ئاستێکی زۆر لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵگا بەدی دەهێنن. مارکس لە ئەپڵای کردنی تیۆری هێگڵ بەسەر تیۆری ئایینی خۆیدا، هێرەمی هێگڵ سەرئاوەژوو دەکات. لە حاڵێکدا هێگڵ ئایینی وەکوو هۆکار و خولقێنەر و بەرهەمهێنەری نامۆیی لەناو کۆمەڵگادا دەبینێت، مارکس دەڵێت: ئایین لێکەوتە و بەرهەمی نامۆیی لە کۆمەڵگادایە. یەکێکی‌تر لە کاریگەرییە گەورەکان لە گۆڕان و گەشەونەشەی ئایدیۆلۆژیکی مارکس، نووسینە ئاتێئیستییەکانی لودویک فوئێرباخە. مارکس بە هاودەنگی لەگەڵ ئاتێئیسمی ئایینی فوئێرباخدا و بە پەیوەست بە میراتی هێگڵی خۆیەوە و تێگەیشتنی ماتریالیستی لە ژیانی مرۆڤی، ئایدیای تەواوی خۆی لە ئایین وەکوو بەرهەم و وڵامی لەخۆنامۆیی مرۆڤ گەشە پێ دا. فۆئێرباخ لە

کتێبەکەیدا "*جەوهەری مەسێحییە*"“ تیۆرییەک ئاراستە دەکات کە بەپێی ئەو، ئایین بانهاوێژی[3] گەورەترین و بەرزترین ئارمانەکانی مرۆڤە بۆ ئاسمان و هەروەها بە خاڵی کردنەوەی تایبەتمەندییە هەرەبەرزەکانی مرۆڤ لە بابەتی ئێلاهیدا، دەبێتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی نامۆیی و مرۆڤ لە قووڵایی و هێز دەخات. بە باوەڕی فوئێرباخ، خودا شتێک نییە جگە لە جەوهەر و ئارەزووەکانی مرۆڤ کە بە دەرەوە دیهاوێژی کراوە. کەوایە داکۆکی دەکات کە «ئایین جیابوونەوەی مرۆڤە لە خۆی» (Feuerbach, 1957: 41). بە باوەڕی ئەو مرۆڤ بە بانهاوێژی جەوهەری خۆی بۆ پانتایی بانسرووشتی، خۆی هەژار دەکات. بە وتەی ئەو مرۆڤ بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی تەواوی خۆی بەدی بهێنێت، دەبێت خوا بگۆڕێت بە مرۆڤ و خوداناسیش بگۆڕێت بۆ مرۆڤناسی. لە لای فوئێرباخ ناپێگەیشتوویی مرۆڤ، هۆکاری لەخۆنامۆیی ئایینی مرۆڤە. کەوایە لە لای ئەو پەروەردە و ڕۆشنگەری، ئامرازێکی کارامەیە بۆ نامۆیی سڕینەوە لە مرۆڤ، واتە "بە مرۆڤی کردنی ئۆلووهیەت"[4] و "بە مرۆڤناسی کردنی خوداناسی[5]".

تیۆری کارل مارکس لەسەر ئایین کاریگەریی ئاشکرا و بێئەملاوئەولای ئەندێشە ئاتێئیستییەکانی فوئێرباخ نیشان دەدات. مارکس لەگەڵ دەروونناسی ڕوانگەی خوداناباوڕانەی فوئێرباخ هاودەنگە بەڵام نەبوونی تێگەیشتنی کۆمەڵناسانەی ئەو وەبەر ڕەخنە و گازەندە دەدات و دەڵێت: فوئێرباخ گرینگی شیاو و تەواوی بە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان نەداوە چونکە خەڵکی بەردەوام باشترینەکانی ئەو شتەی لە ناخی خۆیاندا هەیە بانهاوێژی دەکەن بۆ گەردوون. مارکس بۆ دۆزینەوەی هۆکارگەلی کۆمەڵایەتی کە خەڵک هان دەدات بۆ ئاوەها بانهاوێژیگەلێک، بە پێداگری لەسەر ئەوەی کە نامۆیی

---

3. Projection: بانهاوێژی یان دیهاوێژی.
4. humanizing divinity.
5. anthropologizing theology.

ئایینی بەرهەم و زایەڵەی نامۆیی کۆمەڵایەتییە، نەک بەرهەمهێنەری نامۆیی کۆمەڵایەتی، لە هێگڵ و فۆئێرباخ جودا دەبێتەوە. لەسەر بنەمای ئەم باوەڕەیە کە مارکس تیۆری نامۆییەکەی خۆی دەخەملێنێت. لە هەوڵ بۆ دۆزینەوەی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییانەی کە بەرچاوگەکانی نامۆیی لای مارکس چێ کردووە، ئێمە دەگەین بە ئاستی دووهەمی کاریگەری لەسەر تیۆرییەکەی ئایین سەبارەت بە مارکس، واتە پێشزەمینە کۆمەڵایەتییەکان کە لە درێژەدا دەپەرژینە سەر ئەو بابەتانە.

## ب: پێشزەمینە ئایدیۆلۆژییە کۆمەڵناسانەکانی تیۆری ئایینی کارل مارکس

لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە تیۆری ئایینی مارکس لەژێر کاریگەریی هەلومەرجی زەمانە و کۆمەڵگای ئەودا فۆڕمی گرتووە. تێگەیشتنی مارکس لە ئایین لە تێگەیشتنی نامۆیی ئەو بیچمی گرتووە کە ئەوەیش بە نۆبەی خۆی لە تێبینییە واقیعییەکانی ئەوەوە سەبارەت بە کاریگەرییە دژە مرۆڤییەکانی سیستمی ئابووریی زەمانە و کۆمەڵگای ئەو ڕەنگ و ڕواڵەتی گرتووە، واتە کاریگەریی نامرۆڤی سیستەمی کارخانەیی کۆمەڵگای ئۆرووپایی چینایەتی سەردەمی خۆی. ئەو کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەک بوو کە لەویادا کرێکارەکان داشکێندرابوون بە ئامرازگەلێکی میکانیکی پەتی کار و بەرهەمهێنان. لە حاڵێکدا هاوکات بەرهەمەکانی کاری ئەوان لێیان زەوت دەکرا و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن دەگوازرایەوە بۆ لای خاوەندارانی بۆرژووا. لێنین کۆمەڵگای پرۆسی ڕۆژگاری مارکس وەکوو کۆمەڵگایەک وەسف دەکات: «کە بەتەواوی لەسەر چەوساندنەوەی ئاپۆرەیەکی زۆر لە چینی کرێکار بە دەستی کەمینەیەک لە خەڵک ڕۆنراوە... ئەوە کۆمەڵگایەکی کۆیلەدارییە. چونکە کرێکاری "خۆڕایی" کە تەواوی عومریان بۆ سەرمایەدارەکان کار دەکەن، ئەوانە شیاوی شتێک نین جگە لە ئامرازگەلی پێویست بۆ درێژەدان بە ژیانی خزمەتکاری و کۆیلەیی و

بەرهەمهێنانی قازانج بۆ ڕاگرتن و درێژەی کۆیلایەتیی سەرمایەداری».(Lenin 1965:7).

مارکس دۆخی ئامرازی قازانجتەوەری بەرهەمهێنان وەکوو چاوگەی جۆرێک لە نامۆیی دەبینێت کە هەم کاریگەری لەسەر کرێکار و هەم کۆمەڵگا بەگشتی هەیە. لە حاڵێکدا کرێکارەکان لە بەها و قازانجی واقیعی خۆیان نامۆ و بێبەش بوون و ئەم بێبەشبوونە بە شێوەیەکی پڕوپووچانە، دارایی و سامانی چینی خاوەنداری بەدی دەهێنا.(Marx 1964: 75)

بە باوەڕی مارکس ئەزموونی ئازاردەری نامۆیی، دەتوانێت کرێکاران بە جۆرێک لێ بکات کە ئاست و ڕادەی کۆیلەیی و چەوسانەوەیی خۆیان بدۆزنەوە و تەنانەت ئەگەری ئەوە هەیە هێزگەلی سیاسیی ئەوان بۆ گۆڕانی دۆخی ژیان ڕێک بخەن. گرینگترین خاڵی وەرسووڕان لە تیۆری نامۆییی مارکسدا لێرەدایە کە دەپەرژێتە سەر شیکاری ڕۆڵی ئایین لە کۆمەڵگای لەوتاو و لێوڕێژ لە نامۆیی[6]. ئەمە تێگەیشتنی مارکسە لە ڕۆڵی ئایین لەم هەلومەرجە بەتەواوی نامۆیەدا کە بەستێنی پێویست بۆ ڕوانگە باو و ناسراوەکانی ئەو سەبارەت بە ئایین چێ دەکەن. ئێستاکە گریمانە بنەڕەتییەکان و ئەو خاڵانەی لە تێگەیشتنی مارکس لە ئاییندا مشتومڕی لەسەرە، لە بەشی دیکەی ئەم وتارەدا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت.

## 2. تێگەیشتنی کارل مارکس لە ئایین

ڕوانگەکانی کارل مارکس سەبارەت بە ئایین، دەتوانرێت لە سێ سوێنگە نیگاوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت: ئەلف: ڕەنگدانەوە و دیهاوێژی نامۆییی کۆمەڵایەتی ب: ئامرازێکی ئایدیۆلۆژیک بۆ شەرعیەتدان و بەردەوامی نەزمی کۆمەڵایەتیی سەرکوتکەر. ج: وەکوو تریاک بۆ خەڵک (یان ئاپۆره).

---

6. alienation-infested.

مارکس بە ڕامان لە دۆخی نامۆیی کە بەرهەمی سیستەمی ئابووریی ڕۆژگاری خۆی بوو، ململانێ و مشتومڕێک کە لێکەوتەی بەرژەوەندییە دژیەکە ئابوورییەکانی چین و توێژەکان بوو و هەروەها بەرتەک و گازەندەی چارەهەڵنەگری "پرۆلتاریا" بە هەلومەرجی پەڕاوێزخراوی نامۆیی، تیۆری خۆی لەمەڕ ئاخێزگە و چییەتی و ڕۆڵی ئایین خستە ڕوو. دەتوانرێت جەوهەری هەڵسەنگاندی مارکس لە بەهای حەقیقیی ئایین لەم ڕستەیەی خوارەوە هەڵبهێنجرێت و دەربهێنرێت: بنەمای ڕەخنەگەلی دژەئایینی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە: مرۆڤ ئایین دروست دەکات نەک ئایین مرۆڤ درووست بکات، بە واتایەکی تر ئایین خۆهۆشیاری و سەنگەخودی مرۆڤە کە یان هێشتا خۆی نەدۆزیوەتەوە یان دووبارە خۆی لە دەست داوەتەوە... مرۆڤ جیهانی مرۆڤە و دۆخی کۆمەڵگا. ئەم دۆخە و ئەم کۆمەڵگا ئایین بەرهەم دەهێنێت، هۆشیارییەکی جیهانی ئاوەژوو، چونکە ئەوانە جیهانێکی ئاوەژوون، ئایین تیۆری گشتیی ئەو جیهانەیە... هۆگری و مەراق، سزادانی ئەخلاقی، تەواوکەری فەرمی و سەرچاوەی جیهانداگری سووکنایی و پاساوی ئەوە. ئەمە وەدیهاتنی خەیاڵی جەوهەری مرۆڤە چونکە جەوهەری واقیعی مرۆڤ بە دروستی وەدی نەهاتووە، کەوایە بەگژاچوونی ئایین، شەڕ و بەگژاچوونە لەگەڵ جیهانێک کە ئایین، بۆن و بەرامەی ڕۆحانی ئەو جیهانەیە..(Marx and Engels 1975: 38)

لەم گوزارانەدا، مارکس لە یەکەم ئاستدا ئایین وەکوو ڕەنگدانەوە و زایەڵەی هەلومەرج و واقیعی کۆمەڵگا یان بەرهەمی نامۆیی لەناو کۆمەڵگادا دەبینێت، ئەم بێبەشکردن و ناهۆمێدیانە لە نەزمی ئابووری و کۆمەڵایەتییە کە خەڵک دەکێشێت بۆ لای ئەوەی وەهم و خەیاڵ بخولقێنن. بە باوەڕی ئەو، ئایین بۆ جێبەجێکردنی ئایدیالگەلێک سەری هەڵداوە کە پیرۆزی دەبەخشێت و پشتگیری دەکات لە تێگەیشتنی ساختەیی یان هۆشیاریی درۆیین و لە خۆنامۆیی کە لە ناسازیارییەکان و دژیەکییەکانی کۆمەڵگاوە هەڵدەقوڵێت. بە وتەیەکی تر، بە باوەڕی مارکس

ئایین لێکەوتە و پێداوێستی زۆرینەی مرۆڤە زوڵم لێکراو و چەوسێندراوەکانە بۆ هەڕاکردن و دەربازبوون لە هەلومەرجی گورچکبڕ و سەرکوتکەر و چەوسێنەری ژیانی کۆمەڵایەتی و هەروەها دەربازبوون لە نامۆیی و مرۆڤسڕینەوەیەک کە لەو دۆخە دەکەوێتەوە، بە مەبەستی داکۆکی لەسەر بەهای حەقیقیی مرۆڤ. بەڵام لە ڕووی ئەوەوە کە مارکس دەڵێت جەوهەری مرۆڤ لە کۆمەڵگای نامۆکراودا واقیعێکی حەقیقی نییە، ئەو داکۆکی دەکات کە ئایین وەدیهاتنی وەهماویی جەوهەری مرۆڤە. ئەمە بەو واتایە کە مرۆڤ بە هەڵە تێدەگات کە خۆپێناسەکردن و ناسنامەی ئایینی ئەو ناسنامەی شتێکی حەقێقەت و دروستە. بە بۆچوونی مارکس، مرۆڤ لەناو ئاییندا، بە داهێنانی خودا، خۆی لە خۆی نامۆ دەکات و دوور دەخاتەوە. ئەو بە تێچوو و خەساری خۆیەوە لە ئایین یان خودادا سەرمایەدانەری دەکات. نیگەرانی سەرەکیی مارکس لێرەدا ئەوەیە کە نامۆییی ئایینی لە جەوهەری خۆیدا، ڕەنگدانەوە و دیهاوێژی نامۆیییەکی بنەڕەتی تری ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەدارییە. ئەم باسە لە وشەکانی هاوڕێکەی واتە ئەنگڵس ئاوا دەردەبڕێت «تەواوی ئایین شتێک نییە جگە لە زایەڵەی خەیاڵی زەینی مرۆڤەکان لە هێزگەلی دەرەکی کە ژیانی ڕۆژانەی کونترۆڵ دەکەن. زایەڵەیەک کە لەناو ئەودا هێزگەلی زەوینی فۆڕمی هێزگەلی بانسرووشتی لەخۆ دەگرن» (1975: 128Marx and Engels,). هەر وا کە مارکس زێدەتر شرۆڤەی دەکات، ئایین بە نواندنەوەی هەلومەرجی ڕۆحپڕوکێن و سەختی کۆمەڵایەتی، هەم دۆخی دژەمرۆڤی پڕۆلتاریا دەردەبڕێت و هەم شەرعییەت و ڕەواییش بەو دۆخە دەبەخشێت. بە تەعبیری ئەو «ئایین چیرۆکی بێعەداڵەتییەکانی مرۆڤ دەرحەق بە مرۆڤ دەگێڕێتەوە بەڵام بە شێوەیەک دەیڵێتەوە کە شەرعیەت دەداتە نەزمی هەنووکە».(qtd in Baum, 1975: 32). ئایین ڕەنگدانەوە و زایەڵەی نەهامەتی و بەدبەختی مرۆڤە لەسەر ڕووی زەوی، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مرۆڤەکان بەو قەناعەتە دەگەیەنێت کە بە بانهاوێژی هیوا بە

بەختەوەری لەم جیهانە بۆ ئاسمان، نەزمی هەنووکەی نەهامەتبار قەبووڵ بکات. ئایین لە تێگەیشتنی مارکسدا چ وەکوو زایەڵە و دیهاوێژی، چ وەکوو واقیعگەلێکی کۆمەڵایەتی، جۆرێکە لە لاگری و خۆدەربازکردنە لە بەرتەکدان و بەگژاچوونی ڕەنج و نەهامەتییەکانی چەوساندنەوەی سەرمایەداری. مارکس دەڵێت «ئایین ئاهی بوونەوەری زوڵملێکراو، خەم و پەژارەی ئایینی لە هەمان کاتدا دەربڕینی خەم و پەژارەی ڕاستەقینە و هەروەها بەرتکدانە بە خەم و پەژارەی حەقێقی» (Marx and Engels, 1975: 39). ئەمە بەو واتایە کە ڕووەو ئایین چوونی خەڵک، دەربڕی نارەحەتی ئەوانە لە دۆخ و هەلومەرجی ڕۆحپڕوکێنی ژیانی کۆمەڵایەتی و مەیلی ئەوانە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەک بۆ نەهامەتییەکانی ژیان. بەڵام لە ڕوانگەی مارکسەوە، ئایین بە پێشکەشکردنی لایەنێکی پیرۆز لە نامۆیی، وڵامی ئەوە دەداتەوە.

لە ویستی پرۆلیتاریا بۆ دژایەتی لەگەڵ هێزگەلی ڕەنجاژۆی کۆمەڵگادا، مارکس بەرژەوەندیی ستەمکاران لە پرۆپاگاندا بۆ ئایدیالۆژیای ئایینی دەبینێت. لێرەوەیە کە ڕوانگەی دووهەمی خۆی سەبارەت بە ئایین وەکوو ئەمرازی ئایدیۆلۆژیک بۆ شەرعییەتدان و درێژەدان بە دۆخی سەرکووتکەر و زاڵمانە دادەڕێژێت. مارکس و ئەنگلس لە تێکۆشانەکانیاندا بۆ شرۆڤەی پەیوەندی نێوان گەشەی پەیوەندە کۆمەڵایەتییەکان– پێکهاتەی چینایەتیی کۆمەڵگا- و ئایین، هەر دووک بە شێوەی هاوبەش لەسەر ئەو باوەڕەن کە چینە چەوسێنەرەوەکان لە ئاستی بەرژەوەندیی خۆیاندا، گەشە بە ئایین دەدەن «وەکوو ئامرازێک بۆ کوێرکردن و کۆنترۆڵی خەڵک» (Marx and Engels, 1975: 39). لەم پەیوەندەدا مارکس ئایین وەکوو شەرعییەتی سەرتر بۆ پێکهاتەکانی دەسەلات لە کۆمەڵگای مرۆڤیدا دەبینێت» (qtd in Baum, 1975: 32-33). ئایین ئامرازی ئایدیۆلۆژیکی گرووپە زاڵەکانە بۆ داسەپاندن و ئەخلاقیکردنی شەڕ و نەهامەتییە

کۆمەڵایەتییەکان و چەوساندنەوەیەکە کە لەسەر چینە ستەملێکراوەکان بار دەکرێت. مارکس داکۆکی دەکات کە چینی بۆرژوازی، ئایینی بۆ وەدیهاتنی ئامانجی چینە ستەمکارەکان، خستنە ژێر ڕکێف و سەرسپێردەکردنی چینی ستەملێکراو و هاندانی ئەوان بۆ قەبووڵکردنی ئەو دۆخە، بە تەواوی ئارامییەوە کە دۆخێکی قازانجهێنەرە، بۆ ئەم دۆخە دادەهێنێ. کەواتە بە بۆچوونی مارکس ئایین کۆمەڵە دیرۆکێکە کە زۆریەک لەو فریوانەی کە بنەڕەتیی ئایدیۆلۆژیای چینی دەسەڵاتدار چێ دەکەن، مسۆگەر دەکات. ئایین پاساو و شەرعیەت بۆ گوێ لەمستکردنی چینی ژێردەست و زاڵیەتی و سەربەشی دەدات بە چینی سەردەست. مارکس ئاماژە دەدات بە پارچە هەڵبەستێکی سروودی ویکتۆریایی لەژێر سەرناوی «هەموو شتێک ڕوونە و جوان»، بۆ ئەوەی نیشان بدات کە چۆن ئایین بە زۆرینە پاساوی نەزمی کۆمەڵایەتی و پێگەی مرۆڤەکان لەناو ئەودا دەهێنێتەوە:

پیاوی دەوڵەمەند لەناو کۆشک و تەلار دایە،

پیاوی هەژار لە بەر دەرکەکەی،

خودا یەکیانی بەرزەوە کردووە و ئەوی دیکەیانی نەوی کردووە،

و فەرمانی داوە بە ملک و داراییەکانی.

مارکس لەو خاڵە ئەمە هەڵدەهێنجێنێت کە ئایین خەڵک هان دەدات کە پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆیان لە ڕووی ئێلاهییاتییەوە قەبووڵ بکەن بەو پاساوەی کە کاری تەواو و بێخەوشی حیکمەت و زانستی غەیبی[7] خودایە، ئەو خودایەی کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی چێ کردووە و خەملاندوویەتی. مارکس ئەو جۆرە جیهانبینییە وەکوو ئایدیۆلۆژیای چینی سەردەست بۆ پاراستن و گەرەنتی

---

[7] foreknowledge.

سیستەمی سەرکوت و بەرژەوەندی و ویستە خۆپەسەندەکانی ئەوان دەبینێت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئایین وەکوو ئامرازێکی ئایدیۆلۆژیکی دەبینێت کە چینی زاڵم و سەرکوتکەر بۆ ڕەوایی دان بە زوڵمی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن، لە ئاکامداददانی پێدا دەنێت کە لە ئایینی چینی سەرکوتکراو شتێکی شوێندانەر و کارکەردی و ئەرێنی بوونی هەیە. لەم ڕووەوەیە کە مارکس گەرچی ئایین وەکوو یەک وەهم یان خەیاڵ لە ئەژمار دەدات بەڵام ددان بە ڕۆڵی ئەرێنی ئایین وەکوو سوکنایی‌دەری هەژاران لە تەنگەژەکاندا دەنێت و دەڵێت: «ئایین ئاهی بوونەوەری زوڵم لێکراو، دڵی جیهانی بێ‌دڵ، ڕۆحی دۆخی بێ‌ڕۆح، ئەمە تەریاکی خەڵکە» (Marx and Engels, 1975: 39). مارکس لە ڕستە بەناوبانگەکەیدا ئایدیای خۆی سەبارەت بە ئایین کورت دەکاتەوە. دەوترێت کە ئەم دەربڕینە بەردی بناغەی هەموو ڕوانینێکی مارکسیستی سەبارەت بە ئایین ساز دەکات. مەبەستی مارکس ئەوەیە ئایین وەکوو ئەفیوون ئیش دەکات تا دەرد و ژانی زوڵم کەم کاتەوە و زوڵم لێکراوانیش سەرسپێردە و بێهۆش بکات. ئایین بە سوکنایی‌دان بە لایەنگرانی، ڕۆڵی دەروون‌دەرمانی بەکەڵک بەڵام وەهمی دەگێڕێت کە دەبێتە هۆی ئەوەی لایەنگرەکانی ناهومێدی و بێبەشییەکانییان فەرامۆش بکەن. ئەمە بەڕاستی کێشەی ڕەنجی مرۆڤ چارەسەر ناکات، بەڵکوو بەس تەنیا تێکۆشانێکی هەڵە و گومڕاکەرە بۆ زیاتر هەڵگرتنی باری ناباری ژیان. لەم ڕووەوەوەیە کە مارکس ئایین تەنیا وەکوو فریوێک بۆ لایەنگرانی دەبینێت «تا ئەوی کە بەختەوەری و ڕەزامەندی راستەقینەیان بۆ وەدیبهێنێت»)( Haralambos,and Heald, 1980: 460. بە زمانی لێنین «جۆرێک لە مەستی ڕۆحی کە لەودا کۆیلەکانی سەرمایە، وێنای مرۆڤی خۆیان و ئێدعاکانیان بۆ دەس پەیا کردن بەژیانێکی شایەستە، دەخنکێنن»(Lenin, 1965: 7-8. مارکس شرۆڤە دەکات کە ئایین دەتوانێت بە دروستکردنی چاکە و فەزیلەت و لە

ڕێگەی وادەی بەهەشتێک لە بەختەوەریی هەتاهەتایی لە داهاتوو و هەروەها بە هۆمێدان بە دەستێوەردانی بانسرووشتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕووی زەوی، ڕەنجی زوڵم و هەژاری سارێژ بکات. بەم شێوەیە ئایین ڕەنجی مرۆڤ لەهەڵکردنهاتوو و تەنانەت خوازراو و دڵخواز دەکات. مارکس ئەم ئایدیایەی لە پەیامگەلێکی دەقی پیرۆز وەرگرتووە، بۆ وێنە «چونکە خۆشەویستی پارە، ڕیشەی هەموو شەڕ و خراپەیەکە، لە حاڵێکدا هەندێک دەکەونە شوێن تەماح و چاوچنۆکی، دەچنە دەرەوەی بازنەی ئیمان و بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە خۆیان لە بەین دەبەن(ITimothy 6:10). «چونکە بۆ وشترێک ڕاحەتترە لە کونای دەرزییەکەوە تێپەڕێت تا ئەوەی کە پیاوێکی دەوڵەمەند بچێتە ناو مەلەکووتی خواوە» Luke) (18:25 و «مەلەکووتی من ئەم جیهانە نییە»(John 18:36).

لەسەر بنەمای ئەم شیکارییە، مارکس ئیدعا دەکات کە ئایین لە ناو چەوسێنراوەکان برەو و باوی زیاترە تا لە نێو چەوسێنەرەوەکان. ئەو ئاماژە دەکات کە زۆرتری بزاڤە ئایینییەکان زیاتر لەنێو چینگەلی سەرکوتکراو و زوڵم لێکراودا هەیە چونکە دۆخی کۆمەڵایەتییان باشترین بەستێنی بۆ ئایینە نوێکان مسۆگەر کردووە. لە شیکاری مارکسدا، ئایین تەنیا دیاردەی نێو چینە ستەملێکراوەکان نییە، چینە سەردەستەکانیش باوەڕگەلی ئایینی دەگرن بەڵام بۆ پاساوهێنانەوە بۆ هەلومەرجی خۆیان، چ بۆ خۆیان و چ بۆ ئەوانیتر. ئایین بە زۆرینە لە لایەنی چینە سەردەستەکانەوە و بۆ بەرژەوەندیی زیاتری خۆیان، ڕێنوێنی و پشتیوانی دەکرێت. لە بیری مارکس و ئەنگڵسدا، پیاوانی ئایینی و زەویدارەکان، دەست لە دەستی یەکدا: «لە بریتانیای فیئودالیدا ئەربابانی دەسەڵاتی زەوی، بە زۆرینە ڕەوایی خۆیان لە قسەکانی مینبەرەوە وەر دەگرت. لە بەرامبەری ئەو پشتگیرییەدا، زۆرجار فیئۆدالەکان ماڵێکی زۆریان دەبەخشی بە کلیسا». (Haralambos and Heald 1980: 461).

مارکس جیا لەوەی ئایین وا دەبینێت کە کاریگەرییەکان و لێکەوتەکانی زوڵم، لەهەڵگرتنهاتوو و خۆشنەخش و نیگار دەکات، ڕۆڵی پەیوەندیداری ئایین وەکوو ئامرازی سەرەکی ئەو زوڵم و ستەمە پێناسە دەکات. کەوایە لە حاڵێکدا مارکس قەبووڵی دەکات کە ئایین سەختییەکانی ژیان ئاسان دەکاتەوە، لە عەینی حاڵدا جەخت دەکاتەوە کە ئایین، خەڵک لە تێکۆشان بۆ گۆڕانی پێگە و دۆخی کۆمەڵایەتییان هەڵدەگەڕێنێتەوە و دڵساردیان دەکاتەوە. ئایین لەمپەر دەخاتە بەر ئایدیای تێکشکاندنی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بە ئامرازی شۆڕش و وەکوو ئامێریەتی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ئیش دەکات. بەم شێوەیە پەیوەندە چینایەتییەکان چڕتر دەکاتەوە و دەبێتە بەربەست بۆ هۆشیاری چینایەتی. مارکس ددان بەوەدا دەنێت کە لە ئاییندا توانای دەربڕین و گڕنان و نێڵدان و وەکۆڵ خستنی ناڕەزایەتی و ڕەخنەگرتن لەنێو چینی ژێردەستدا هەیە. بەم پێیە مارکس داکۆکی دەکات کە هەمووی ئایینەکان بە شێوەیەک نواندنەوەی درۆیین و ساختەیی واقیع و داشکاندنی بەهای هێزە داهێنەرەکانی مرۆڤن کە هەرگیز ناتوانن ببنە کارگێڕی شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان. لەو ڕووەوە کە ئایین وەکوو لەمپەرێک لە بەرامبەر بەرتەک و شۆڕشی پرۆلیتاریا خزمەت دەکات، مارکس لەسەر ئەو باوەڕەیە کە کۆمەڵگایەکی کەمتر ئایینی بە ڕێژەی کۆمەڵگایی تەواو ئایینی، ئەگەری زیاتری هەیە کە گۆڕانکاریی پێکهاتەیی بەرچاو بە خۆوە ببینێت. لەسەر بنەمای ئەم باوەڕە مارکس و هاوبیرانی داکۆکی دەکەن، بۆ گۆڕانی بنەڕەتیی کۆمەڵایەتی و ڕزگاری پرۆلیتاریای ژێردەست و چەوسێنراوە، بنبڕکردنی ئایین لە کۆمەڵگا پێویست و لێ دەربازنەبووە. ئەنگلس دەڵێت: «سیستەمێکی سوسیالیستی کە بە دروستی وێنا کرابێت هەمووی ئامرازەکانی ئەفسوونی ئایینی و لەگەڵ ئەویش هەمووی توخمەکانی بنەڕەتی عیبادەتی ئایینی دەسڕێتەوە»(Marx and Engels,1975: 128). لێنین( 1965) بە جەخت لەسەر دژیەکی و ناسازیاری ئایین و خەبات بۆ ئازادی، دواتر هۆکار و ڕێڕەو، بەڵگە و ڕەوت،

بۆچییەتی و چۆنییەتی زاڵ بوون و بنبڕکردنی "دەمارگرژیی ئایینی" بۆ گەیشتن بە ئامانجی حیزبی پرۆلیتاریا شرۆڤە دەکات. بە باوەڕی ئەو ئەرکی ئەو جڤاتە[8]... پێویستی بە ململانێ و شەڕی ئایدیۆلۆژیکی نەساچاو[9] و بەردەوامە. جڤاتی ئاوەها ناتوانێت و نابێت لەمەڕ نەبوونی ئاگاییی چینایەتی، جەهل و تاریکی لە فۆڕمی باوەڕگەلی ئایینی کەمتەرخەم بێت. ئێمە جڤاتی خۆمان دامەزراند... ڕێک بۆ ململانێ و شەڕ لەگەڵ فریوی ئایینی چینی کرێکار(15).

مارکس ئاماژە دەکات کە ئایین، ئەگەرچی یەک وەهمە، بەڵام بەشێکی پێویستی هەموو کۆمەڵگاکانی دابەشکراو بەسەر چیندایە. لە ئەنجامدا تا ئەو کاتەی ئەو دۆخە کۆمەڵایەتییەی کە ئەو وەهمە بە پێویستی دەزانێت بەردەوام بێت، ئێمە ناتوانین بیسڕینەوە یان وەلای نێین. بەڵام هەر کە ئەو دۆخە لەناو چوو، ئایین گرینگایەتی و پەیوەندداریەتی خۆی لەدەست دەدات و بە مەرگی سرووشتی دەمرێت. بە باوەڕی ئەو لە کۆمەڵگای ئازاد یان کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا پێویستیەک بە ئایین نییە، چونکە ئەو هەلومەرجەی کە ئایینی پێویست کردووە لە ناو چووە. بە باسکردن لەو بابەتانەی سەرەوە لێرەدا پێویستە کە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە ڕاستبوون و ئێعتباری ئیدعاکانی مارکس سەبارەت بە ئایین شەنوکەو بکرێت.

## 3.هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی ڕاڤەی مارکس لە ئایین

گەرچی مارکس بە توندی هەجمە دەکاتە سەر ئایین بەڵام وەهمێکی زۆر گەورەیە ئەگەر تیۆری ئەو سەبارەت بە ئایین تەنیا وەکوو هەجمە و شاڵاوێک لە ئەژمار بدرێت. بەڵگەگەلێکی زۆر بەرچاو بۆ پشتگیری لە هەندێک لایەنەکانی تیۆری مارکس سەبارەت بە ڕۆڵی ئایین لە کۆمەڵگادا بوونی هەیە. کەواتە لە هەڵسەنگاندنی ئێمە لە

---

8. association.
9. Implacable.

تیۆری مارکس، هەم بەشدارییە ئەرێنییەکان و هەم ڕەخنە مومکینەکانی ئەو تیۆرییە لە پێش چاو دەگرین.

**ئەلف: بەشدارییە ئەرێنییەکانی تیۆری مارکس لەمەڕ ئایین**

تیۆری ئایینی مارکس لایەنگەلێکی ئەرێنی زۆری هەیە کە دەتوانین لەژێر پەنج سەرناودا کۆی بکەینەوە: بەشدارییە میتۆدۆلۆژییەکانی، تێڕوانینە مێژووییە کۆمەڵایەتییەکان، داکۆکییە دەروونییە دەرمانگەرییەکانی، هاندەرە مرۆڤدۆستانەکانی، کردە پاکسازی و خاوێن کردنەوەکان.

**ئەلف 1: بەشدارییە میتۆدۆلۆژییەکانی مارکس**

زۆریەک لەو شتانە مارکس لە تیۆری خۆیدا لەسەر ئایین باسی دەکات، یارمەتییەکی زۆری خوێندنەوەی چەند-میتۆدی[10] ئایینی داوە. تیۆری مارکس ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە تێگەیشتنی ژیانی ئایینی و بەگشتی ژیانی مرۆڤی و دەپەرژێتە سەر حەقیقەتگەلێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی کە یارمەتی ئەوە دەدات هەلومەرجی کۆمەڵایەتی چ ڕۆڵێکی گرینگییان لە دەرکەوتە ئایینییەکاندا هەیە. ئەو حەقیقەتە کە ئەزموونە ئایینییەکان لە بۆشاییدا تەعبیریان لێ ناکرێت بەڵکوو لە کۆدەقێکی مێژوویی کۆمەڵایەتی تایبەتدا تەعبیری لێ دەکرێت. بۆ نموونە بەم باسە لە خوێندنەوە هاوچەرخەکانی ئاییندا گرینگایەتییەکی تایبەتی دەدرێت و ئەمە کاکڵەی [باسەکانی] ململانێ وخەباتی مارکسە. میلتۆن جی یانگێر[11] کۆمەڵناسی گەورەی ئایین هەر لەم بوارەدا دەبێژێت ئایین لە لایەنگەلێکی جۆراوجۆرەوە لە کۆدەقی کۆمەڵایەتی، کاروەرگری دەکات و لە ژێر کاریگەریی ژینگەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەک کە تێیدا بنیات نراوە، فۆرمرێژ دەکرێت.

«سیستەمگەلی ئایینی بە چڕی لەژێر کاریگەریی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەرییاندان، ئەمە بەو واتایە کە بودایيسمی کایلۆنی لەگەڵ بودایيسمی ژاپۆنی، کاتۆلیسمی

polymethodic..[10]

.Milton J. Yinger.[11]

ئیسپانییایی لەگەڵ کاتۆلیسمی ئامریکایی جیاوازە... ئێمە ناتوانین لە ئایین بە شێوەیەکی زانستی تێبگەین بێ ئەوەی پەیوەندی بدەینەوە بە کۆمەڵگا و فەرهەنگ...». (Yinger, 1970: 203).

ئەمڕۆکە هەرجۆرە توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر دیاردەی ئایینی بێ لە پێشچاوگرتنی ئەو ڕۆڵانەی فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان دەیگێڕن دژوار دەبێت.

### ئەلف2: تێبینییە کۆمەڵایەتیی مێژووییەکانی مارکس

مارکس وادەبینێت کە ئایین بەردەوام وەکوو بەرسڤ و پەرچەکردارێک بە چەوساندنەوە و سەرکوت و دیکەی جۆرەکانی هەلومەرجی سەختی ژیان سەر هەڵدەدات. ئەم ڕوانگەیە کلیل و چوارچێوەیەکی کۆمەڵناسانەی پشت پێبەستراو بۆ شرۆڤەی سەرهەڵدانی دیاردە نوێکانی ئایینی وەکوو هەزارە باوەڕەی دەدات بە دەستەوەکە لە دەرەجەی یەکەمدا لەنێو گرووپە بێبەشەکان دەبینرێتەوە. هەروەها چوارچێوەی تیۆریک بۆ ئەم باسە دەخاتە ڕوو کە بۆچی پێبەندی ئایینی لەنێو هەژاران و ستەملێکراوان زیاتر لە دەوڵەمەندانە.

سەرەڕای ئەوەش کە مارکس وادەبینێت ئایین زۆر جار دەسەڵات و تایبەتماف بەهێز دەکات و ڕەوایی پێدەبەخشێت، بە هیچ شێوەیەک حاشا هەڵناگرێت کە ئایین بۆ خۆیشی لەسەر دەستی ستەمکاران بۆ سەرکوتی ستەملێکراوان پشتیوانی دەکرێت. نموونەی ئەم حەقێقەتانە لە مێژوو و کۆمەڵگاکاندا زۆرن. سیستەمی کاستی هیندویی نەریتی، بە باوەڕگەلی ئایینی بەهێز دەکرا. لە ئۆرووپای سەدەکانی ناڤینددا پاشاکان بە مافی ئیلاهییەوە حوکمیان دەکرد. بەردەدارەکانی ئەیالەتەکانی باشووری ئامریکا زۆر جار لە گۆڕینی ئایینی کۆیلەکان بۆ مەسیحییەت پشتیوانییان دەکرد، بەو باوەڕەی کە «کارتێکەرییەکی کۆنترۆڵکەر و دەستەمۆکەری هەبێت»(Haralambos andHeald, 1980: 462).

### ئەلف3: داکۆکییە دەروونـدەرمانییەکانی مارکس

نابێت تەنیا خوێندنەوەیەکی نەرێنی لە ڕوانگەی مارکس سەبارەت بە ئایین وەکوو "تریاکی جەماوەر" و دەربڕینەکانی پێشووی، بکرێت. لێرەدا مارکس، نیاز و قەستی سەرەکی هەر چی بێت، لایەنێکی ئەرێنی و مرۆڤدۆستانەی بەرچاو، لە ڕۆڵی ئایین لە ژیانی مرۆڤدا ئاشکرا دەکات بە شێوەیەک کە تەنانەت بۆ عەمەڵ بە ئایین پاساو دەهێنێتەوە و داکۆکی لەسەر دەکات. مارکس دەیسەلمێنێت کە ئایین ڕۆڵێکی دەروونـدەرمانگەری گرینگ دەگێڕێت. ئایین ئەو دڵنیایی و ئارامش و سەفای زەینییە بە مرۆڤ دەدات کە بەوانەوە دەتوانێت لە هەمبەر دۆخە ڕۆحپرووکێن و تەنگ و چەڵەمەکان و گۆڕانکاری و ڕووداوە نادڵخوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆڕاگر بێت. کەوایە ئێمە دەتوانین لە دەربڕینی مارکس بۆ خۆی ئەوە هەڵێنجێنین کە ئایین تا ئەو جێگە پێویستە کە دڵدانەوەی مرۆڤ لە دونیایەکی نادادپەروەرانە و زاڵمانەدا بکات و زوڵم لێچووان بتوانن باشترهەڵگری قورسایی باری ژیان ببن. ئەم "دەرمانە خەیاڵییە" "ئارامشدەرە" یان ئەم "تریاکە" تەنانەت ئەگەریش نەتوانێت نەخۆشییەکە کە خەڵک بە هۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتییەوە تووشیاری بوونە دەرمان بکات، هەروەها کە مارکس داکۆکی دەکات، لانی کەم دەتوانێت هەندێک لە توندی دەردەکە دامرکێنێت. کەوایە مارکس بە شێوەیەکی ئەرێنی بەڵگەیەک دەدات بە دەستی ئێمەوە کە ئێمە بەردەوام بە ڕێگای ئایین بگرینە بەر، چونکا لە ڕووی پراکتیکییەوە هێشتا حەبێکی کاراتر نەدۆزراوەتەوە و ئەگەری ئەوە هەیە هەرگیز نەدۆزرێتەوە و هەروەها دۆخی کۆمەڵایەتیی دژەمرۆڤیش هێشتا بە تەواوی بنبڕ نەکراوە، ئایین بۆ ژیانی مرۆڤ پێویستە.

### ب: پاڵنەرە مرۆڤایەتییەکانی مارکس

گرینگە بزانین مارکس ڕەخنەی خۆی لە ئایین لەسەر تێگەیشتنێکی مرۆڤخوازانە لە بوونی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ و هەروەها لەسەر ئەو باوەڕە ڕۆ ناوە کە وەدیهاتوویی

و بەختەوەری مرۆڤ لە حەقیقەتدا چارەونووسی مرۆڤایەتییە. ئیمانی تاکەکەسی مارکس بە چارەنووسی مرۆڤ، سەرچاوەی مەراقی کۆمەڵایەتیی ئەو و هەجمەی بۆ سەر ئایینە. شیکاری مارکس لە نامۆیی مرۆڤ لە ڕوانگەی مرۆڤخوازانەی ئەو بۆ [ چارەنووسی ] داهاتووی مرۆڤ ئیلهامی وەرگرتووە. ئەمە لەسەر ئەو باوەڕە پێغەمبەرانەی ڕۆ نراوە کە چارەنوسی مرۆڤ ئەوەیە کە ئازاد بێت. مارکس لە تەرخانکردنی مرۆڤدۆستانەی خۆیدا لە بنەرەتەوە نامۆیی بە لێکەوتەی فاکتەرگەلی هێزبڕ دەزانێت و سەوداسەری ئەوەیە یارمەتی مرۆڤ بدات کە لە شەڕ و نەهامەتی ئەو هێزە سەرکوتکەرانە خۆی ڕزگار بکات.(Baum, 1975: 38) لەم ڕوانگەوە دەتوانین بڵێین مارکس لە شوێن «ئازادیی مرۆڤە لە قورسایی سەرکوتکەر و زاڵمانەی ئایین و گەڕاندنەوەی مرۆڤایەتییە... مرۆڤایەتی یان خودایەتییە لەدەستچووەکەی»(Perez-Esclarin, 1974:153). ئەو وا هەست دەکات کە وەدیهاتوویی تەواوی مرۆڤ و بەرزەجێکردنی مرۆڤ، ڕەتکردنەوە و تاراندنی گشتی خوا و ئایین دەخوازێت.

ئەم کەڵکەڵە مرۆڤخوازانە لە تەواوەتی ئەندێشەی مارکسدا دزەی کردووە. کەڵکەڵەی ئەو لە دەوری ئارمانجێکی گشتیتر و بنەڕەتیتر دەسووڕێتەوە، واتە ڕزگاری لە هەر جۆرە نامۆیییەک. مارکس خودا و ئایین ڕەت دەکاتەوە تەنیا بەو مەبەستەی کە خەڵک ڕزگاری بێت. ئێمە دەتوانین داکۆکی بکەین کە مارکس لە ئاستی یەکەمدا سەودای پاراستن و بەرزکردنەوەی کەرامەت و بەهای ژیانی مرۆڤایەتی هەیە. تیۆری ئەو تێکۆشانێکە بۆ سەقامگیرکردنی ژیانی بە واتا و ئارمانجدار و بە ڕێگەو-شوێن. ئەمە بانگەشەیەکی خوازراوە بۆ مرۆڤ کە خۆی لە ژێر ڕکێفی هێزگەلی سەرکوتکەر بپارێزێت. لەم ئاراستەدا هەر دووک مرۆڤی مارکسیست و ئیماندار لەسەر یەک زەمینەی هاوبەش دەوەستن، ئەویش ئەوەیە کە هەر دووکیان خوازیاری پاراستن و وەدیهاتنی کەرامت

و جەوهەری مرۆڤ لە بەرامبەر مەترسی و هەڕەشە جیددیەکانن. بابەتێک کە ئەوان لێک جودا دەکاتەوە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی لەگەڵ بنەمای ئەمدەروەستییە هاوبەشە. کەوایە لە شەڕ لەگەڵ هۆکاری هەژاری و ستەمدا، مارکس وەها مرۆڤخوازییەکی توند و حەقیقی پیشان دەدات کە ئەگەر ئەوەی لەگەڵ چووکەیەک لە ئایین تێکەڵاو کردبایە، دەگوترا لە زۆر یەک لە مەسێحییەکان مەسێحیترە. لەم ڕووەوە هەروەها کە پێرێز ئێسکلارین (1974) ئاماژە دەکات «ئەو سامرییەکی باشی مێژووە کە لە بۆ سارێژکردنی ئەو زامانەی کۆمەڵگای مرۆڤی کە بە دەستی قەشەکان، بەرنامەڕێژانی ئابووری، سیاسەتوانان درووس بووە، ڕاوەستا»(153) ئەو مووسای تازەیە کە مرۆڤایەتی کۆیلەکراو بۆ سەرزەوینی نوێی کەنعان ڕێبەری دەکات(154).

**ج: کردە پاکسازی و خاوێن کەرەوەکانی مارکس.**

دەتوانین بە شێوەیەکی بەرهەست لەو باسەی سەرەوە ئەوە بسەلمێنین، گەرچی وێدەچێت ڕوانگەی مارکس هەجمەیەکی ڕاستەوخۆ و پێشڕەوانە بۆ سەر ئایین بەگشتی و مەسێحییەت بە تایبەتی بێت، بەڵام ئەوە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ تێگەیشتنی ئێمە لە ئایین خاوێن دەکاتەوە و لە ئایینی ڕەسەنی کتێبی پیرۆز نزیکمان دەکاتەوە. بە باوەڕی سی ئێچ پینۆک[12]( 1980) ئەو شتەی مارکس بۆ بەرتەکدانەوە دژی ئەو هەڵستا، لە حەقێقەتدا خودای مەسێحییەتی تەورات نەبوو بەڵکوو بوتێک بوو کە مەسیحییەتی گەندەڵ و چەواشەکراو و تێکەڵدار[13] خولقاندبووی. مارکس بە حەق، زۆرێک لە لایەنە هەرەسهێنراوەکانی جیهانی مەسێحییەت و کلێسا لە یەک خاڵی مێژوویی‌دا زەق دەکاتەوە و بە کەمایەسی و ناتەواوی و شکستگەلێک ئاماژە دەکات کە ئێمە تەنانەت دەبێت سوپاسگوزاری ئەو بین. تیۆری ئەو ڕەخنەیەکی لە کڵ-

---

.C. H. Pinnock.[12]

adulterated.[13]

دەرهاتووی تاکباوەڕی لەڕادەبەری پرۆتێستانتیزمە کە ئەو تاکباوەڕییە بێگومان ڕیشەی سەرەکیی ڕۆحی سەرمایەدارییە. ئەوە ڕاستکاری و چاکسازی دەسکاری و بەکارهێنانی لێڵ و ناڕوونی کتێبی پیرۆزە بۆ پاراستنی زەینیەتی سەرمایەداری.(27)

کەوایە لە حەقیقەتدا ئێمە دەتوانین هەڵوێستی مارکس وەکوو ئالێنگارییەکی شیاو بۆ کلێسا بخوێنینەوە تاوەکوو بگەڕێتەوە بۆ ڕیشەکانی خۆی لە پێغەمبەران و حەوارییەکان و لە ڕۆڵی دواکەوتووانەی خۆی لە شەرعییەت و بەردەوامیدان بە دۆخی نادادپەروەرانەی زاڵ، پاشگەز بێتەوە. مارکس لە واقیعدا هیچ جۆرە ڕەخنەیەکی کوشەندە و ڕووخێنەری لە ئیمانی ڕاستەقینەی مەسیحییەکان، بەو شێوەی کە کتێبی پیرۆز دەینوێنێتەوە، نیشان نەداوە بەڵکوو تەنیا «ئەو مەسیحییەتەی کە بەس تەنیا ویستی شتی چووکە و هەڵەیە و ڕەساڵەتی شیاوی خۆی فەرامۆش کردووە، ئیدانە و بەتاڵ دەکاتەوە».(Pinnock, 1980:111). هەجمەی ئەو لە ڕێگەی لەقاودانی شێوازگەلێکی بڕواداری کە بە حەقیقەت ستەمکارانە، مرۆڤکوژانە و هێزبڕانەیە، خزمەتێکی بە بایەخ بە خودی ئیمان دەکات. کەواتە هەجمەی مارکس لەسەر ئایین هەر بەو شێوەی کە پینۆک تێبینی لەسەر دەدات «وەکوو چەقۆیەکی نەشتەرگەری ڕەخنەیی، ئەرێنی عەمەڵ دەکات کە ماددەی نەخۆشی کە زۆر جار بە جەستەی ئایینی ڕاستەقینەوە دەچەسپێت، بنبڕ دەکات و کارکەردی ئەو وەکوو ئەسکەنەگەلێکە ئەو گەنانەی بە کەشتی ئیمانەوە لکێندراون، لە بەین دەبات».(113) مارکس بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ بەڵگەیەک دەدات بە ئێمە کە ئیمان بە بەڵگە و هۆکاری دروست و بەکەڵکەوە قەبووڵ بکەین. کەوایە ئێمە دەتوانین ڕەخنەکانی قەبووڵ بکەین و پێشوازی لێ بکەین، وەکوو ئەوەی کە ماتەوزەیەکی ئەرێنی تێدایە کە یارمەتی دەدات دەرکی ئێمە لە حەقیقەتی ئایین دووبارە، چاکسازی و کامڵ بکات و هەروەها بتوانێت تێگەشتنی ئێمە لە ئایینی پاک و

حەقیقی، قاڵب ببەخشێت. ئەمە وەکوو بانگەشەیەکی ئاشکرا بۆ قەبووڵ کردن و عەمەڵ بە ئایین لە حاڵەتی خاوێن و بێخەوش و دەست لێنەدراودا وایە و هەروەها هۆژداریدەر و گوێ زرینگاندنەوەیەکە لە دژی دەست تێوەردان و فەسادێ کە لێکەوتەی شوێنکەوتوویی نەریتگەل و ئایدیۆلۆژیگەلی بەشەرییە. بەوجۆرەیە کە مارکس وەکوو پێغەمبەرێکی سێکۆلار وەسف کراوە «تا بانگەشەی ئێمە بکات هەتا بگەڕێنەوە بۆ ئایینی پەیوەندیدار لەگەڵ کۆمەڵگایەک کە لە کتێبی پیرۆزی ئێمەدا هاتووە».(112) هەروەها کە ئێریک فرۆم مارکس پێناسە دەکات و دەبێژێت: مارکس زیاتر لەوەی "کەسایەتییەکی گرینگی مێژوویی جیهانی بێت" .(Morris, 1986:8) "کەسایەتییەکی گرینگی ئایینی جیهانییە".

## ب: ڕەخنە ئەگەردارەکان لە تیۆری مارکس سەبارەت بە ئایین

دەتوانرێت شیکاری و ڕەخنەی مارکس وەکوو دادنامەیەک لە سەر لایەنە نەرێنییەکانی ئایین لە یەک چرکەساتی مێژوویی تایبەتدا یان ئەو فۆڕمانە لە ئایین کە نکۆلیکەری جیهان، نامۆکەر، داپڵۆسێنەر و سەرکووتکەر و مروڤکوژە، پاساوهەڵگر و بەکارهاتوو بێت. کەوایە وەکوو تیۆرییەکی گشتیی ئایین کە مارکس لە حەقیقەتدا هەر بۆ ئەو مەبەستەی دەویست، زۆر ناتەواو، گومڕاکەر و خۆتێکدەرە. سەرەڕای ئەو بەشدارییە ئەرێنییانەی دەتوانین لەگەڵ جی ئەی سرۆێر(34 :1965) هاودەنگ بین کە دەبێژێت «پەسنی مارکس پەسنی مردن نامەیە، لە ئاکامدا مارکس هەروەک بروتوس بە خاک دەسپێردرێت نەک ئەوەی ستایش و پەسن بکرێت». لێرەدا هەندێک کەمایەسی و کێشە بنەڕەتییەکانی ڕاڤەی مارکس لە ئایین بەم سەرباسانەی ژێرەوە وەبەر باسوخواس دەدەین:1 دەرئەنجامە فەلسەفییەکانی تیۆری مارکس. 2 تاراندنە ڕەهەندییەکانی تیۆری مارکس.3 ڕەتدانەوە ئێلاهییاتییەکانی تیۆری مارکس و 4 بەرتەکدانەوەی ئەزموونی دژی تیۆری مارکس.

## 1. دەرئەنجامە فەلسەفییەکانی تیۆری مارکس

شایانی باسە کە مارکس لە پێناسەکردن و شیکاری پەتی ئایین لە یەک بڕگەی زەمانی و لە یەک کۆمەڵگای تایبەتدا بەرەو تیۆرییەکی گشتگیری تێچووبەر لە ئاخێزگە، جەوهەر و ئیعتباری ئایین دەڕوات. تەواوی جەوهەری ئایین وەکوو ئافرێندراوێکی خۆحەزی و دەستکردی مرۆڤ و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و لە ئاکامدا خەیاڵی و فریودەر ڕاڤە دەکات. ئەو شتەی ئەو بۆ شرۆڤەی دیاردەی ئایین پێشنیاری دەکات بەگشتی پەیوەندی بە حەقێقەت و ئێعتباری باوەڕی ئایینی کەسەکانەوە نییە. ئەوەی کە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی باوەڕ بە ئایین، بەڵگە بۆ خودی ئەو باوەڕە ناخاتە پێش دەست. مارکس نەیتوانیوە جیاوازی ئاشکرای نێوان هۆکار و بەڵگە[14] دیاری بکات واتە هۆکاری بوونی یەک باوەڕی تایبەت و بەڵگە بۆ ئەو باوەڕە. ئیعتیبار و ڕاستبوونی دیاردەی ئایینی لەسەر بنەمای هۆکارەکان داوەری دەکات، لە حاڵێکدا تەنیا بەڵگاندنی باوەڕمەندانە بۆ ئەو باوەڕەیە کە دەتوانێت بە دروستی لەمەڕ ئێعتباری ئەو باوەڕە شتێک بڵێت. ڕانانی شرۆڤە سەبارەت بە بوونی باوەڕێکی تایبەت لە ڕووی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەو شرۆڤە نادات بە دەستەوە کە بۆچی کەس یان چینێکی تایبەت ئەو باوەڕەیان هەیە. ئیتر سەبارەت بە ئیعتیبار یان جەوهەری خودی باوەڕەکە شتێک ناڵێین. بۆ وێنە لەوانەیە هۆکارگەلێکی باشی دەروونناسی و کۆمەڵایەتی بۆ باوەڕی قوتابییەک بە هەندێک گوزارە وەکوو "نیجریە وڵاتێکە لە ئافریقا" و "نیجریە لە ساڵی 1960دا سەربەخۆ بووە" بوونی هەبێت. هەروەها کە سرۆویر[15](1965) ئاماژە دەکات ڕەنگە ئاوا هۆکارگەلێک بۆ باوەڕ بەم ئێدعایانە هەبێت:

1)دەنگە زۆردارانەکەی یەک مامۆستا.

---

.causes and reasons.[14]

.Thrower.[15]

2) ترس لە سزادان و سووکایەتی پێکردن لە کلاس بە هۆی باوەڕنەکردن [ بەو گوزارانە]

3) ئەم ڕاستییە کە هەموان باوەڕیان پێی هەیە و هتد.

ژماردنی ئەو هۆکارانە بە مانای باس‌وخواس لەمەڕ ئیعتیبار یان جەوهەری خودی باوەڕەکان نییە. کارل مارکس لە ڕێگەی پێناسەکردنی هۆکارەکانی باوەڕ بە شتێک و شرۆڤەی ئیعتبار یان جەوهەری ئەو باوەڕە، لەنێو داوی ئەو شتە دەکەوێت کە گۆردۆن ئالپۆرت ناوی دەنێت "هەڵەویژیی سروشت و ژێنێتیک"[16] (Bank, 1973:415).

لە پەیوەند لەگەڵ ئەمەدا خاڵێکی جێگەی ڕامان هەیە کە بریتی بێت لەوەی، هەجمەی مارکس بۆ سەر ئایین لەسەر یەک پێش‌گریمانە ڕۆ نراوە، واتە پێش‌گریمانەی نەبوونی خودا. مارکس لە پشتیوانی لە پێویستی بن‌بڕکردنی ئیمان بە خوا و ئایین بۆ دەست پەیا کردن بە ڕزگاری بەشەر، دەکەوێتە ناو هەڵەویژی دەسپێکی پرسیار[17]، چونکە گریمانەی نەسەلمێندراوی نەبوونی خوای، ئاشکرا و بەدیهیگریمان کردووە. لێرەدا بێ خودایی مارکس نابێت وەکوو ئاکامگیرییەکی لۆژیکی یان فەلسەفی لەپێش چاو بگیردرێت بەڵکوو ئەو شتەیە کە پرێز ئێسکارلین[18](١٩٧٣) وەکوو پاساوێکی سپیکیۆلاتیڤ و بیرۆزانە[19] بۆ یەک بڕیاری سیاسی کردەکی ناوی دەبات کە بێبەرییە لە قەناعەت پێهێنانی لۆژیکی.

### 2. تاراندنە ڕەهەندییەکانی تیۆری مارکس

---

16. geneticfallacy.

17. fallacy of beggingthe question.

ئەم هەڵەویژییە جۆرێکە لە هەڵەویژی کە لەودا بێ ئەوەی پێشەکییەکان بسەلمێندرێن، ئەنجامەکان سەلمێندراو گریمان دەکرێن و جۆرێکیشی لە بەڵگاندنی دەوری.(وەرگێڕ)

18. Perez-Esclarin.

19. Speculative.

تێگەیشتنی مارکس لە سروشتی هۆشیاریی مرۆڤ و لە شوێن ئەوە تێگەیشتنی لە هۆشیاریی ئایینی وەکوو یەک ڕەنگدانەوەی پەتی لە واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە پانتاییی تێگەیشتن لە ژیانی ئینسان، زۆر تارێنەرانە و [ تاکڕەهەند]ییە. لە ئەندێشەی هاوچەرخدا، لە خوێندنەوە زۆر ڕەخنەگەر و پەڕگیر و کەمتر دۆگم و ڕێبازگرژەکان لە ژیانی مرۆڤی، تەنانەت لەناو مارکسیستەکاندا، پشت-ڕاستنەکراوەیی ئەو هەڵوێستە تارێنەر و پاوانخوازە ئاشکرا دەبێت. بۆ وێنە قوتابخانەی "ئەندێشەی ڕەخنەیی" ناسراو بە قوتابخانەی فرانکفۆڕت کە لەسەر دەستی گرووپێکی جیاواز لە مارکسیستگەلی نوێ (لەوانە ماکس هوورکهایمێر، تئۆدۆر ئادۆڕنۆ، ئێریک فرۆم، هێربێرت مارکووزە، لئۆ لۆڤێنتال، ئێرنێست بلۆخ، جۆرج لووکاچ و هتد) لە فرانکفۆرتی ئاڵمان دامەرزێندرا کە ڕوانین و بەرچاوگەیەکیان بۆ تێگەیشتن لە ژیانی مرۆڤی و ڕەفتار و هۆشیاری گەشە پێداوە کە دژی مارکسیسمی ئۆرتۆدۆکس دەوەستێتەوە. ئەم کەسانە ئەگەرچی لە ڕەهەندێکی مارکسیستیدا دەجووڵانەوە بەڵام تێدەکۆشان بە توێژینەوە نە تەنیا لە ئابووری بەڵکوو لە تەواوی پەیوەندە مرۆڤایەتییەکان، پەرە بە میتۆدێکی داگرتر لە تێگەیشتنی مرۆڤ بدەن. لەم ڕووەوە ئەوان لەسەر سروشتی داهێنەرانەی هەر هەمووی زانستی مرۆڤی و چالاکی فەرهەنگی داکۆکی دەکەن و بەم شێوەیە لەگەڵ ئەو بۆچوونە مارکسیستییە کە زانست و فەرهەنگ بە زایەڵە و ڕەنگدانەوەی پەیوەندە ئابوورییەکان یان ژینگەی کۆمەڵایەتی دەزانن بە توندی دژایەتی دەکەن. ئەوان هەروەها ئاماژە دەکەن، توخمی دیالکتیکی یان کێشمەکێشی کۆمەڵایەتی کە مارکس باسی لێ دەکرد، ڕیشەی لە سروشتی خۆماکی و زاتی مرۆڤدایە. واتە هاندەری ڕەخنەی شۆڕشگێرانە لە پرۆسەی ئابوورییەوە سەرچاوە ناگرێت بەڵکوو نیشانەی جەوهەری، ڕەگداکوتاو و جیانەکراوەی بوونی مرۆڤە .Moltmann et al) (126-124:1974. کەوایە لەم دەسکەوتە هاوبەشە دەتوانین ئەوە هەڵێنجێنین کە هەر جۆر تێگەیشتنێ لە

مرۆڤ و ئایین کە تەنیا لە بەکارهێنانی تیۆری ئابووریی مارکس و ماتریالیسمی دیالکتیکی سەرچاوە بگرێت، جۆرێک لاوازی و هەژاری تیۆریکی هەیە و دەبێتە هۆی دەسکاری و وێنەیەکی ناڕاست لە سروشتی مرۆڤ و جەوهەری ئایین، بەو شێوەی کە ئێمە ئەوانە دەناسین.

## 2. ڕەتدانەوە ئێلاهییاتییەکانی تیۆری مارکس

تێگەیشتنێکی ڕۆشن لە سروشتی مرۆڤ بەو شێوەی کە بیرمەندانی ئێلاهیاتی هاوچەرخ، ئێمە بەو جۆرە تێگەیشتنە هان دەدەن، تەنیا شتێکە کە یارمەتی دەدات، چییەتیی سەرەکی و زاتی ئایین، قووڵتر لە پێدراوە دیاردەناسانەکان کە لە تێبینییە لاوەکییەکان بەدەست هاتووە، بە ناخی بابەتەکەداڕۆ بچین. ئاسەواری هاوچەرخ لە بیرمەندانێکی پسپۆڕ وەک شلایێرماخێر، ڕۆدۆڵف ئۆتتۆ و پۆل تیلیخ، ڕوونی دەکاتەوە کە تەوسیفی مارکس لە ئایین زۆریەک لەو شتانەی لەپێش چاو ناگرێت کە لە دروستبوونی هۆشیاریی ئایینی ڕوو دەدەن، بەتایبەتی هەستی ڕۆحانی مرۆڤ لە یەک واقیعی بەرزەجێ کە دێت بەسەر ئەودا، ئالێنگاری لەگەڵ دەکات، داگیری دەکات و زاڵ دەبێت بەسەریدا، بە جێگەی یەک دیهاوێژی ئابستراکت و خەیاڵی لە ئافرێندراوی خۆی. ئەم بیرمەندانە لە ڕووی زانستی پسپۆڕانەیانەوە لە مەڕ ئەزموونەکانی ئایینی مرۆڤ بە شێوەیەکی هاوبەش نیشانی دەدەن کە بەشێک لە هاندەرەکانی پشتی سەری لەدواگەڕانی ئایینی مرۆڤ، هەستی بەردەوامە بە شیمانەیی[20] و هەروەها هەست بە نابەسندەیی[21] و ناتەواوییە. ئەوان وا بەڵگە دەهێننەوە کە هەست بە شیمانەیی بوون و ئەگەری لە ڕێز و وەج دانان بە واقیعێکی سەرەوەتر و بەرزەجێتر سەرچاوە دەگرێت کە لە پێشزەمینەی ئاییندا حەشار دراوە (Thrower, 1965, 1966: 46-47). کەوایە دەتوانین لەم شرۆڤانە هەنگاوێک زیاتر هەڵگرین و بەو دەرئەنجامە بگەین کە

---

20. contingency.

21. insufficiency.

ئایین کارگێڕ و کارتێکەرێکی داینامیکە و لێکەوتەی کارێکی ئێختیاری ویست و خواست یان ڕەنگدانەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتیی سیاسیی ئابوورییەکان نییە بەڵکوو وەدیهاتن و تێگەیینی هەستی زاتی و پێویستی مرۆڤە بە شیمانەیی و ئەگەرێتی و ڕۆحانییەت و مەلەکووت.

## 4.بەرتەکدانەوە و بەرهەڵست وێسانی ئەزموونی، دژی تیۆری مارکس

هەندێک ڕاستیگەلی کۆمەڵایەتیی فەرهەنگی هەیە کە دەتوانرێت لە بەرتەکدانەوە و بەرهەڵست وێستان دژی ڕوانگەکانی مارکس سەبارەت بە ئایین، ئاماژەیان پێ بکرێت. یەکەم بەرتەکدانەوەی ئەزموونی دژی ڕوانگە ئارمانجەشاری مارکس لە هەمبەر کۆمەڵگای کۆمۆنیستییە کە لەویادا هەموو جۆرە چەوساندنەوە و ستەمێک تەواو دەبێت و لە ئاکامدا ئایین بە ناچار بە مەرگی سروشتی دەمرێت. بە لەپێش چاوگرتنی هەستی بەردەوامی شیمانەیی کە لە بنەڕەتەکانی ئاییندا حەشار دراوە، دەتوانین لەو ئیدعایەی مارکس دڕدۆنگ بین و گومان بکەین کە دەڵێت کۆمەڵگا، بە پێکهاتەیەکی دروست و حەساوییەوە، دەتوانێت ئەو شتەی ئایینە نەریتییەکان وەدییان هێناوە، وەدی بهێنێت. پرسیارگەلێک کە ئێمە دەتوانین هاوڕا لەگەڵ جی ئەی سراوێر[22]( 1966) بیهرووژێنین: ئایا کۆمەڵگا دەتوانێت بەسەر هەستی شیمانەیی و ئەگەرێتیی مرۆڤدا فایەق بێت؟ یان ئایا پەروەردە و زانست دەتوانێت بە تەواوی مرۆڤ لە هەست بە ڕێز و وەج لێنان خەلاس بکات؟یان ئایا سروشتی مرۆڤ بە جۆرێکە کە بکرێت قووڵترین نیاز و ئارەزووەکانی تەنیا لە یەک کۆدەقی کۆمەڵناسانەدا جێبەجێ بکرێت(48). مارکس ناتوانێت تێبگات نیازە تاکەکەسییەکان بۆ وەدیهاتن، وەها هێزێکی سەپێنەر و پێویستییان هەیە کە پەیوەندە کۆمەڵایەتی و نێوان-تاکییەکان ناتوانێت جێبەجێیان بکات. هەڵگەڕانەوە و

.J. A. Thrower.[22]

چەمەڵگری، ژیاندنەوە و بووژانەوەی بزووتنەوە و ئالتێرناتیڤە ئایینییەکان تەنانەت لەنێو نەتەوە کۆمۆنیستەکان ناواقیعیبوونی ئەم ئیدعا دەسەلمێنێت. دەیڤید لەین[23] لە توێژینەوەی تێروتەسەل و بە وردەڕیشاڵی خۆی سەبارەت بە کۆمەڵگای شۆرەوی پێشوودا دەبێژێت: «ئەگەر چی ئایین لەوانەیە زاڵییەتی وەهای لە نێو ئاپۆرەی خەڵکدا نەبێت بەڵام شایەت و بەڵگەگەلێک هەن کە نیشانی داوە ئایین بەرخۆدان و چەمەڵگرییەکی دیار و تایبەتی لە هەمبەر کۆمۆنیسم هەبووە». ئەگەر چی بێ گومان مەسیحییەتی ڕێکخراوەیی بە هۆی سیاسیەتی چینی دەستەبژێری حاکم ڕوو لە نزم-بوونەوەیە، "لەین" بە مەزەندەیەک ئاماژە دەکاتکە ژماری مەسێحییەکانی ئۆرتۆدۆکسی تەعمیددراو لە ماوەی ساڵەکانی 1947 هەتا 1957، نەوەد مێلیۆن کەس بووە کە بە وتەی ئەو نزیکەی هەمان ژمارە لە ساڵی 1914دایە. ئەو لە درێژەدا دەبێژێت، ئایین لە ڕووسیا «تەنیا ئاسەواری پاشماوەی سەردەمی پێشاکۆمۆنیسم نییە» بەڵکوو«سەرباری دژایەتیی فەرمی، بەردەوام بزاڤە چووکە ئایینییەکان لە حاڵی گەشە و نەشەدان»(Haralambos and Heald1980:463. کەوایە مومکینە ئێمە لەگەڵ ژاک مارتیندا لە کتێبی "مافەکانی مرۆڤ و یاسا سروشتییەکان" هاودەنگ بین کە دەبێژێت «مرۆڤ، نهێنی و ڕازگەلێکی هەیە کە لە گرووپ هەڵدێت و دەرباز دەبێت و توانا و ئەرکێکی هەیە کە گرووپ ناتوانێت ئەوە لەخۆ بگرێت». (qtd in Thrower 1965, 1966: 48).

زیاد لەمانە گەشبینییە یوتوپیاییەکانی مارکس لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگایەکی شیاو و بەتەکووز دەتوانێت خۆی بە سەر خراوییەکانیدا فایەق بێت، نەبوونی ئاشکرای مەعریفە لای مارکس لە خراوە و شەرارەتی زاتی مرۆڤ لەقاو دەدات. تەنانەت لە وڵاتە کۆمۆنیستییەکانیشدا هەر ئەو فۆرمە نادادپەروەرییە کۆمەڵایەتییانە بەرتەکدانەوەی

[23] David Lane.

خەسارگەلی کۆمەڵایەتی وەکوو خۆپیشاندانی خوێندکاران و هتد، ئەوندە زۆرە کە دەتوانین بە ڕاشکاوی بڵێین کە مارکسیسم بە شێوەیەکی جیاواز بە مرۆڤباوەری مارکس خەیانەتی کردووە. ئەم خاڵە لە کتێبێکدا وەکوو «خوا شکستی خوارد» نیشان دراوە، لەو جێگەدا کە دەستەیەک لە نووسەران باس لە ناهۆمێدی شێنەیی و بەرەبەرەی خۆیان لە کۆمەڵگا کۆمۆنیستییەکان دەکەن. ئەوان نیشانی دەدەن بەڵێن و چاوەڕوانی جیهانێکی باشتر لە ئاکامی شۆڕشی سیاسیدا، هێشتا وەدی نەهاتووە و هۆمێدکی کەم یان هیچ هۆمێدێک بە کۆمەڵگای بێ چینایەتی و ئازاد، بەو شێوەی مارکس پێشبینی دەکرد تەنانەت لەو وڵاتانەیدا کە کۆمۆنیسم بۆ ماوەیەک تاقی کراوەتەوە، نەهاتووەتەدی(qtd in Thrower 1965, 1966: 48). ئیمە دەتوانین هاوڕا لەگەڵ سرۆوێر(1965, 1966) بەو ئەنجامە بگەین کە کۆمەڵگای کۆمۆنیستی هێشتا بەپێویست «کۆمەڵگایەکی بەشەرییە کە هەموویان لە حەقێقەتدا بەشەرن» و بەپێی ئەوەی کە «کۆمەڵگا ناتوانێت سوروشتی تایبەت بە خودی مرۆڤ ڕازی بکات» مارکسیستەکان دەبێت دەست لەناو دەستی بیرمەندانی ئایینی لە گەڕانێکی هاوبەشدا بن ...بۆ پەیا کردنی بوون-ناسییەکی گونجاو کە لەوانەیە بەشەر باشتر جێگەوپێگە بگرێت»(49).

ئاخرین و پەیوەندیدارترین بەرتەکدانەوەی ئەزموونی، دژی باوەڕە زۆر ناسیاوەکانی مارکسە کە ئایین وەکوو وێنەی سەرئاوەژوو یان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگا و تەریاکی جەماوەر، مرۆڤکوژە و هێزە داهێنەرەکانی مرۆڤ بە کەم دەگرێت و سووکایەتییان پێ دەکات. لە ڕوانگەی مارکسەوە، ئایین نەتەنیا هەرگیز ناتوانێت ئەمرازێک بێت بۆ شۆڕشگێری کۆمەڵایەتی، بەڵکوو دەبێتە بەربەست و لەمپەر لە بەرامبەر تێکۆشانی پرۆلیتاریا بۆ ڕاپەڕین. کەوایە بە باوەڕی مارکس هەر جۆرە گۆڕان یان شۆڕشێکی بەرچاوی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەیی، ناچارە دەبێت ئایین بنبڕ بکات. ئەم ڕوانگە مارکسیستییە بە ئایین،

له بۆچوونی هەڵە و ڕێگومکەری مارکس لەمەڕ خودای دژە ڕزگاری و پێشکەوتنی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت.بەڵام حەقیقەتە ئەزموونییەکان بە پێچەوانەی هەڵوێستی مارکس نیشانی دەدەن کە ئەو خودایەی کتێبی پیرۆزی مەسیحییەت دەینوێنێتەوە، ئەیهەویست کە ڕزگاری و پێشکەوتنی مرۆڤ بەهێز بکات. یەکێک لەو نموونانە ڕووداوی سیفری کۆچە[24]. کاریگەریی کۆمەڵایەتیی پێغەمبەرانی عەهدی قەدیم وەکوو ئەشعییا، میکا، ئامووس و حەوارییەکانی هەوەڵین، نیشانەی پرسیارێکی ئەزموونی لە ئیعتیباری هەڵوێستی مارکس ساز دەکات. لە ڕەتدانەوەی ڕوانگەی مارکس بە خوا، وەکوو تەنیا ڕوانگەی مومکین، دەتوانین لە ژێر تیشکی توێژینەوە ئەزموونییەکان نیشانی بدەین کە ئایین زیاتر لەوەی ئەفیوون بێت، هاندەری ڕزگاری بووە و خودا زیاتر لەوەی دژی ڕزگاری بێت ڕزگاریدەری سەرترە.

ئەگەرچی ئەو ئایینەی وا مارکس لە سەردەم و کۆمەڵگای خۆیدا لەگەڵی ڕووبەڕوو بووە، تەقریبەن بە تەواوی لەگەڵ نەزمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری [ ئەو شوێن-کاتە]ئەمئەوهەوی[25] بوو و وەکوو دەستەبەری پیرۆزی دۆخی زاڵ کاری دەکرد، بەڵام دەتوانرێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت کە مارکس یەک توێژینەوەی بەراوەردکارانەی کۆمەڵایەتی مێژوویی سەبارەت بە نەزمی ئایین جێبەجێ بکردبایە تا ڕوونی بکردایەتەوە، ئایا ئایین لە هەموو شوێنکاتێکدا هەر ئەو ڕۆڵە ڕەواییدەر و فەلەجکەرەی پیشان داوە. خوێندنەوەیەکی بە بایەخی لەو جۆرە کە دواتر لە سەر دەستی ماکس ڤێبێر و ئێمیل دوورکەیم، ئەریک فرۆم و ئێرنست بلۆخ جێبەجێ بوو، نیشانی دەدات کە ئەنجامگیرییەکانی مارکس تەنیا لە هەندێک لە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی ئایین ڕەوایی هەیە. ماکس ڤێبێر ئەو

---

[24].سیفری کۆچ( the event of the Exodus) ناوی دووهەمین بەشی کتێبی پیرۆز، سەبارەت بە کۆچی ئیسرائیلییەکان لە ساڵی 1300ی پێش زایین لە میسرەوە بۆ کەنعان.

[25].identified.

ڕوانینە مارکسیستییە ڕەت دەکاتەوە کە سیستەمی ئابووری هەمیشە دەبێتە هۆی بیچم گرتنی ئایین. ڤێبێر زۆر جیددی باوەڕی وایە کە ئەم قسە هەمیشە دروست نییە. ئەو لەوە دەکۆڵێتەوە کە سەردەمگەلێک هەبووە کە لەو کاتەدا ڕەهەندە ئایینییەکان سەرچاوەی ڕەخنەگەلی کۆمەڵایەتی بوونە و بە پێشنیازکردنی بەرچاوگەیەکی نوێ بە شێوەیەکی کردەیی لەسەر گۆڕانکاری فەرهەنگ و کۆمەڵگا کاریگەریان داناوە. ڤێبێر(1968) نیشانی دەدات کە ئایین هەرگیز، بەس تەنیا و تەنیا ڕەنگدانەوە و ڕەوایی-بەخشی کۆمەڵگا نییە بەڵکوو نەریتەکانی، ماکگەلێکی ڕەخنەیی و داهێنەر لە خۆ دەگرن. کەوایە ئەو ئاوا ئەنجامگیری دەکات کە دەست پەیا کردن بە گشتاندنگەلێکی خێرایی لەمەڕ کارکەردی کۆمەڵایەتیی ئایین، ئیمکانی نییە بەڵکوو لە هەر نموونەیەکدا خوێندنەوەی زۆر بە وردەڕیشاڵی دەوێت.(124-126). هەر لەو بوارەدا ئێمیل دۆرکەیم بە توێژینەوە کۆمەڵناسانەکانی خۆی داکۆکی دەکات لە سەر ئەوەی کە ئایین نە تەنیا شەرعییەت بەخش نییە بەڵکوو دژی نەزمی کۆمەڵایەتیی شۆرش دەکات. ئایین لەگەڵ ئەوەی سەقامگیری کۆمەڵایەتی[26] ساز دەکات و لە بەرامبەر داهێزانی هێزەکانی، پشتیوانی لە کۆمەڵگا دەکات، دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی رەخنەی دۆخی کۆمەڵایەتیی زاڵ و هێزگەلێکی بەهێز بۆ گۆڕان و چاکسازیی کۆمەڵگا چێ دەکات(470).

توێژینەوەکانی ئێریک فرۆم سەبارەت بە ئایینەکانی جیهان نیشان دەدات کە ڕەخنەی ڕادیکاڵی مارکس لە ئایین، ئەگەر چی لە بنەڕەتەوە، لە ڕەهەندی مرۆڤخوازانەی ئەو بۆ ڕزگاری مرۆڤ هەڵدەقوڵا بەڵام واقیعی ئایین لە بەین نابات. ئێریک فرۆم لە ڕووی خوێندنەوەکانییەوە جیاوازی دادەنێت لەنێوان ئایینی ئۆتۆریتەخواز و نامۆکەر، لەگەڵ ئایینی مرۆڤخواز و ڕزگاریدەر. لەم ڕاستییەوە بەو ئەنجامە دەگات، سەرەڕای ئەو ڕەهەندە "خەسارناسانە" و

[26] .socialstability

"سەرکووتکەرانە"ی ئایین، ڕەهەندگەلێکی شیفابەخش و سارێژکەر و مرۆڤانەیش بوونی هەیە کە بە هیچ ڕەخنەیەکی نەرێنی بێ ئێعتیبار نابن. ئەو بەڵگە دەهێنێتەوە کە ئەو بەرنامە گەشەی مرۆڤییانە وا مارکس خۆی بۆ تەرخان کرد، واتە لە بنهێنانی ڕەنجگەلی مرۆڤی لێکەوتەی ستەم، ڕزگاری مرۆڤایەتی حەقیقی لە واقیعی درۆیین یان هۆشیاری سەپێندراو لەلایەن پێکهاتەی زاڵەوە، دادپەروەری و بەرابەری و هتد، "کاکڵەی ئەخلاقی" هەموو ئایینەکانی جیهانن. فرۆم بەو ئەنجامە دەگات ، لە کەناری ماکگەلێک کە دەبێتە هۆی نامۆیی مرۆڤ لە سەرچاوە حەقیقییەکانی مرۆڤ، هێشتا ڕەهەندگەلێکی ئایینی هەیە کە «توانستی بوون بە مرۆڤێکی تەواوتر، دەگوازنەوە بۆ مرۆڤ»(qtd in Baum, 1975: 92).

لە کۆتاییدا ئێرنێست بلۆخ، سەرەڕای ئەوەی مارکسیستێکی ئاتێئیست بوو، لێکۆڵینەوەیەکی نادوگماتیک ڕەچاو دەکات کە نیشانی دەدات، بە پێچەوانەی ڕوانگەی مارکس بۆ چەمکە مەسیحییە پەسلانناسی[27]یەکان کە سەر بۆ ئاسمان دەکێشن، نامۆ دەکەن و دژی شۆڕشن، ئەم چەمکانە زیاتر "حەقیقەتێکی یوتۆپیایی و گۆڕانخواز" دەبەخشێتە ئامۆژگارییەکانی مەسیحییەت (qtd in Baum, 1975: 274). توماس مۆینز(1969)، ئەو فەیلەسووفە کۆمەڵایەتییە گەورە، لە کتێبی شارەزایانەی خۆیدا *"ئیلاهیاتی شۆڕش"*[28] لە هەڵوێستێکی مارکسییستیانەی نادوگماتییانە، لە پێوەندی نێوان بابەتگەلی پەسلان ناسی و سیاسەت دەکۆڵێتەوە و ڕۆشنی دەکاتەوە ئامۆژەگەلی مەسیحییەت سەبارەت بە ژیانی هەرمان و ئەبەدی، بە هەر فۆڕمێک بێت واتای سیاسیی هەیە و لە هەندێک نموونەدا کاریگەریگەلی سیاسی لە خۆ بەجێ دێڵێت. ئێرنێست بلۆخ ڕوونی دەکاتەوە کە شیکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی بە تەنیایی ناتوانێت ڕەوتی بزووتنەوە شۆڕشگێرانەکان لە درێژاییی سەدەی شازدەی

[27] eschatological..

[28] *Theologian of Revolution*.

ئاڵمانی‌دا شرۆڤە بکەن، مەگەر ئەوەی هاوڕا بێت لەگەڵ لێکۆڵینەوەی ئایینی ڕادیکاڵ، بە تایبەت ئەو ئامۆژیاریەی تۆماس مۆینزر. ئەو هەروەها لەسەر ئەو باوەڕەیە، پەرەسەندنی جموجووڵ و شڵەژاوییە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەسەندنی ڕاپەڕینی جووتیاران بێ لەپێش چاو گرتنی ئەو بزووتنەوە ڕادیکاڵە، لە هەمان کاتدا بە ڕەچەڵەک ئایینی و ئامۆژیاریەکەی تۆماس مۆینز، وەڵام نادرێتەوە. ( qtd in Baum, 1975: 277-278).

**ئەنجام**

لەم گەشتوگوزارەی ئێمەدا لە توێژینەوە ئەزموونییەکان، دەتوانین بە ئاماژە بەم خاڵانە ئاوا ئەنجامگیری بکەین، ئایین بەردەوام و بەناچار دیاردەیەکی ئاڵۆزە و خاوەنی ڕەهەند و لایەنگەلێکی جۆراوجۆرە کە هاوکات لەگەڵ یەک کار دەکەن. لەحاڵێکدا ئەگەری ئەوە هەیە بتوانین ڕەهەندگەلی نامرۆڤانە و هێزبڕی ئایین کە بەرهەمی توخمگەلی کۆمەڵایەتییە، دەستنیشان بکەین، بەڵام لە هەمان حاڵدا نابێت ڕەهەندگەلی داهێنەر، نامۆیی‌بڕ و ڕزگاریدەری ئایین بە فەرمی نەناسین. رەهەندگەلێک کە ڕۆچوونی ژنان و پیاوان بەنێو مرۆڤایەتی خۆیاندا قووڵتر دەکات و خولیای نەزمێکی کۆمەڵایەتی مرۆڤانەتر بەهێز دەکات..(Baum, 1975: 39)

ئەمرۆکە لە زۆریەک لە کۆمەڵگاکان، کلیسا، پیاوانی ئایین و جڤات و ئەنجومەنە ئاینییەکان لە پرۆسەی ڕزگاریدا بەشدارییان کردووە. ئەو دەروەستییە ئایینییەیە کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی ناسیاو لە ژێر ناوی "ئێلاهیاتی ڕزگاری".مارکس نووسینە کۆمەڵناسانەکانی خۆی لە خوێندنەوەی ئاییندا وەکوو بەربەست و لەمپەرێک بۆ ڕزگاری بەشەر بە ئەنجام گەیاندبوو. کەواتە وادیارە مارکس ئەوندە بە بینراوەکانی خۆی لە ڕۆڵی "خەساربار" و " نەخۆشی‌زێیی"[29] ئایین پەرچەکردار نیشان دەدات کە ڕۆڵی ڕزگاری‌بەخشی و دەرمانی ئایین، بە تەواوی لە

[29] "pathological" or "pathogenic".

کیس دەچوێنێت. ئەو نەتوانینە لە ناسینیی ڕەهەندگەلی بە ئاشکرا مرۆڤساز لە ئایینەکانی جیهان بە گشتی و ئایینی مەسیحییەت بە تایبەتی، سەرسەختییەکی یەکجار کوێرکوێرانەیە لە قەبووڵ کردنی حەقێقەتگەلی ئەزموونی ڕۆشندا. سەرەڕای ئەمانە تەنانەت ئەگەر مارکس نەیتوانیوە ئەم ڕەهەندگەلە لە ئایینەکانی زەمانەی خۆیدا ببێنێت، دەبوایە، ئەگەر تەنانەت هیچ بەڵگەیەکی دیکەیش نەبوایە، بە پێی ڕوانگەی دیالکتیکی خۆی بۆ مێژوو، پێشبینی ئەوەی بکردایە کە ئایین بۆ خۆی دەتوانێت ڕووەو ئاراستەیەکی ئەرێنی بڕوات و ئەمە وێدەچێت لە نووسراوەکان و ڕەخنەکانی خودی مارکسداهاتبێت. نەتوانینی مارکس لە پێشبینی ئەو گۆڕانە، ئەو دەکێشێت بۆ لای بەرهەمهێنانی شتێک کە هۆڵێنوێگێر[30](١٩٧٣) ناوی دەنێت " پێشگۆیی خۆتێکدەر[31]" واتە ئەو پێشگۆییەی کە درووس لە ئاو دەرنەهات چونکە خەڵک لە ئاکامی هەمان پێشگۆییدا ڕوانینی خۆیان گۆڕیوە(136).

.W. J. Hollenweger.30

Self-destroying Prophecy.31

## References


.Haralambos, Michael and Heald, Robin,(1980). *Sociology: Themes and Perspectives* Slough: University Tutorial Press

.Lewis, John. (1975,June). "Marx and Religion" *New Humanist.* 91(2): 34-37

Marx, Karl and Frederick Engels. (1940). *The German Ideology.*New York: International Publishers

Feuerbach, Ludwig. (1957). *The Essence of Christianity.* New York: Harper & Row

Lenin, V. I. (1965). *On Religion.* Moscow: Progress Publishers

Marx, Karl.(1964). *Early Writings* Trans by T. B. Bottomore New York: McGraw-Hill

Marx Karl and Engels, Fredrick. (1975). *On Religion* Moscow: Progress Publishers,

Baum, Q. Gregory. (1975). *Religion and Alienation. A Theological Reading of Sociology.* New York: Paulist Press.

Yunger, Milton J. (1970). *Scientific Study of Religion.* New York: Macmillan Publishing

Perez – Esclarin, Antonio. (1974). *Atheism and Liberation.* London: SCM Press

Pinnock,Clark H. (1980). *Reason Enough: A Case for the Christian Faith* Exeter: The Paternoster Press

Morris, Brian. (1986, Spring)"Erich Fromm: The Radical Humanist" *New Humanist* 10(2): 3-8

Thrower, J. A. (1965, June). "Karl Marx on Religion – Part 1" *The Ghana Bulletin of Theology* 2 (8): 30-34

Banks, Robert (1973, Dec). "Religion As Projection: A Reappraisal of Freud"s Theory" *Religious Studies* 9,(4): 410-415.

.

Moltmann, Jurgen et al (1974) ed. *Religion and Political Society*. New York: Harper & Row Publishers

Thrower, J. A. (1965, Dec, 1966, June) "Karl Marx on Religion – Part II" *The Ghana Bulletin of Theology.* 2(9210): 46-47

American Journal of Social Issues & Humanities Vol.1 No.2. (Nov.2011)

©AJSIH Vol.1 No.2. (Nov.2011) 50-81 Uchegbue | 80

Weber, Max. (1968). *The Sociology of Religion.* Trans by E. Fischoff . Boston: Beacon Press

Durkheim, Emile. (1968) *The Elementary Forms of Religious Life* New York: Free Press

Hollenweger, W. J (1973, February). "Karl Marx (1818 – 1883) and His Confession of Faith" *The Expository Times* LXXXIV (5):! 30-136.

ســـەرچاوە: گۆڤاری American Journal of Social Issues & Humanities 2011